# هۆكارەكانی سەرهەڵدانی بیدعەو بڵاوبوونەوەو تەشەنە كردنی

✍ م / خالد أحمد مصطفی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه .

لەپاشان:

**هۆكارەكانی سەرهەڵدانی بیدعە و بڵاوبونەوەو تەشەنەكردنی**[(١)]:

گومان لەوەدا نییە كە دەستگرتن بــە قورئــان و ســوننەتەوە هۆكــاری سەرەكی و بنەڕەتی دەرباز بوون و ڕزگار بوونــە لــە كەوتنــە نــاو بیدعــەو گومڕاییەكانـەوە، هـەروەك خـوای گـەورە دەفەرموویت: ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَــنْ سَبِيلِهِ﴾ وە پێغەمبـەری ئازیزیشمان ﷺ ئـەم ڕاسـتییەی لـە فەرمووده‌یـەك دا بـۆ ڕوون كردوویـنــەوە كـە ئـیبن مـسعود رضي الله عنه بۆمــان دەگێڕێتـــەوەو دەفـــەرموویت: پێغەمبەر ﷺ هێڵێكی ڕاستی بۆ كێـشاین و فەرمووی: ئەمە ڕێگـای ڕاسـتی خوایە، ئینجـا چـەند هێڵێكـی لـە لای ڕاسـت و چەپی هێڵە ڕاستەكەوە كێشاو فـەرمووی: ئەمانـە ڕێـچكەن، وە لەسـەر هـەر یـەكێك لەم ڕێچكانە شـەیتانێك هەیـەو بانگـەوازی بـۆ دەكـات و ئینجـا ئـەم ئایەتـەی بـۆ خوێندینەوە:

﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَــا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ﴾[(٢)].

---

(١) بۆ ئاشنا بوونی زیاتر بەم بابەتە بڕوانە: (شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعــة، لللالكــائي، ١٧٦/١، والإعتصام، للشاطبي، ٦١/١ — ٧٠.

وانظر كثيراً من هذه الأســباب: الإعتــصام للــشاطبي، ٢٨٧/١—٣٦٥).

(٢) (رواه أحمد وابن حبان والحاكم وغيرهم، وصــححه الشيخ الألباني في: مشكاة المصابيح: ١٦٦).

کەواتە هەر کەسێك پشت هەڵکات لە قورئـان و سـوننەت ئـەوا ڕێبـازە گومڕاکـەرەکان و بیدعـە داهێنراوەکـان ڕاکێش ڕاکێشی دەکەن و لەڕێگەی ڕاست لای دەدەن.

## کاتی سەرهەڵدانی بیدعە:

شـیخ الاسـلام ئـیبن تەیمیـە (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت دەفـەرمووێت: (بـزانن کەزۆربـەی ئـەو بیدعانـەی کـە لـەبواری عەقیـدەو عیبـادات سـەریان هەڵـدا، هـەموویان دەگەڕێنـەوە بـۆ کۆتاییـەکانی سـەردەمی جێنـشینەکان (ڕەزای خوایـان لەسـەر بێـت)، هـەروەکو چـۆن پێغەمبـەرمان ﷺ پێـی ڕاگەیانـدوین کـە دەفەرمووێت:

((من يعش منكم بعدي؛ فسيرى اختلافا كثيرا؛ فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي ))[٣].

واتـە: لـەدوای مـن هـەر کەسـێك لـەئێوە بمێنێـت لەژیانـدا، ئـەوا ناکۆکییـەکی زۆر دەبینێـت، بۆیـە لـەم کاتـەدا بـۆ دەربـاز بوونتـان لـەم ناکۆکییـە دەسـت بگـرن بەسـوننەتەکانی مـن وە سـوننەتەکانی جێنشینەکان...).

وە یەکەم بیدعە کەدەرکەوت بیدعـەی قەدەرییـەکان بـوو ئینجـا بیدعـەی مورجیئەکان ئینجا بیدعەی شـیعەگەرێتی وئینجا بیدعەی خەواریج[٤].

---

(٣) (صحيح . أخرجه أبو داود والترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٣٧).

(٤) شيخ الإسلام ئيبن تيمية (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتابی (منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة والقدرية) زۆر باسی ترسناکی شیعەگەرێتی دەکات و زاڵی دەکات بەسەر ترسناکی خەواریج دا، وەهۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك لەوانە:

- سەرچاوەی فیکرەی بیدعەی شیعە لە زەندەقەو ئیلحادەوەیە، بەڵام سەرچاوەی فیکرەی بیدعەی خەواریج لە گومڕایی و نەزانییەوەیە.
- شیعەگەرێتی بووە بە خەندەکێك کە لێیەوە باتینی و مولحیدەکان دزەیان کردو تانەو تەشەریان لە ئیسلام داو هەوڵی گۆڕینی بنەماکانی ئیسلامیان داوە.
- خۆشەویستی و پشتگیری کردنیان بۆ دوژمنانی ئیسلامە.
- *لەکەدار کردنی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺو تۆمەتبار کردنیان.

*یەکێك لە بنەماکانی بیروباوەڕیان بریتییە لە (توقيه) کە عەقیدەیەکی پوچەو حەڕامە.

وەدوای دروستبوونی پەرتەوازەیی لەدوای کوشتنی ئیمامی عثمان ﷺ بیدعەی حەڕورییەکان سەری هەڵدا. وە لەکۆتاییەکانی سەردەمی هاوەڵاندا – وەك ئیبن عمر وە ئیبن عباس وجابر – (ڕەزای خوا لەسەر هەموویان)، بیدعەی قەدەرییەکان سەری هەڵدا. وە مورجیئەکانیش هەر لەم ئانوساتەدا دەرکەوتن.

بەڵام جەهمیەکان لەکۆتاییەکانی سەردەمی تابعییەکان لەدوای مردنی عمری کوری عبدالعزیز دەرکەوتن وە دەگێڕنەوە کە ئەو خەڵکی لێ ئاگادار کردوونەتەوە. وەسەرکردەکەیان کە جەهمی کوڕی صفوان بوو لە خوڕاسان دەرکەوت لە خەلافەتی هیشامی کوری عبدالملك دا.

وەئەم بیدعانە هەمووی لە سەدەی دووەم دا دەرکەوتن و سەریان هەڵدا، لەکاتێك دا کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هێشتا هەر مابوون، وە زۆر بەتوندیش ئینکاری ئەم جۆرە بیدعانەیان کردوو، بەگومڕاییان وەسف کردوون.

ئینجا لەدوای ئەمانە بیدعەی ئیعتزال سەری هەڵداو وە فیتنەو ئاشووب کەوتە ناو موسڵمانان، وەڕاو بۆچوونی جیاوازو دژ بەیەك دەرکەوتن و قسەو باس لە پەسند کردنی بیدعەو ڕازاندنەوەی تاوتوێ دەکراو پاساوی لای هەندێك دڵ نەخۆش بۆ دەهێنرایەوە لێرەو لەوێ.

وە لەدوای سێ سەدە پیرۆزەکە. بیدعەی سۆفیگەرێتی و بەپیرۆز دانانی گۆڕەکانو دروست کردنی مەزاراتو بینا دروستکردن لەسەر گۆڕەکان سەری هەڵدا، وەدوا بەدوای ئەمە تا دوور بکەوینەوە لە سەدەکانی زێڕینی ئیسلام بیدعە لە گەشە سەندن دابوو لەڕووی چەندیەتی و چۆنییەتیەوە)).

بیدعە ئەو کارە خراپەیە کەهەر لەدێر زەمانەوە زانایانی ئیسلام خەڵکیان لێ ئاگادارکردۆتەوە و بەتاوانێکی گەورەیان داناوە و زەمیان کردووە چونکە:

١- بەتاقی کردنەوە سەلمێنراوە کە عەقڵ ناتوانێت بەتەنها بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ دیاری بکات بەبێ هاوکاری وەحی خوایی، کەچی بیدعە کردن ئەو تاقی کردنەوە سەلمێنراوە ڕەت دەکاتەوە.

٢- شـەریعەتی ئیـسلام بـە تـەواوکراوی بەجێ هێشتراوە، زیادەکاری و لێ لابردن هەڵناگرێ پێویستی پێ نییە.

٣-بیدعـەکار بـەم پیـشەیەی دژایـەتی شەرع و سەرپێچی ئەنجام دەدات.

٤-بیدعەکار شوێنکەوتەی هەواو ئارەزوو و بۆچونەکانییەتی، چونکە عەقڵی مرۆڤـ کەشوێن وەحـی نەکـەوت ئـەوا بێگومـان شـوێنکەوتەی هـەواو ئـارەزوو و بۆچوونەکانییەتی.

٥-بیدعـەکار بـەم پیـشەیەی پێـی هەڵدەسـتێت خۆچـواندنێك بـە خـواو پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات، چونکە تەنها شـەرع دانـان و پەیوەسـت کردنـی خـەڵك بەم شەرعە شایستەی خـواو پێغەمبـەری خوایە ﷺ

٦-بیدعەکار بێ بەش دەبێت لەپاداشت، چونکە بیدعە دەبێتە هۆی گیرا نـەبوونی کـردەوەو پەرتـەوازە کردنـی کۆمەڵگـەی موسڵمانان.

٧-بیدعـەکار ئۆبـاڵی گونـاهی خـۆیی و هەموو ئـەو کەسـانە هەڵدەگرێت کـە لـە بیدعەکەیدا شوێنی دەکەون.

٨-بیدعـەکار بـێ بـەش دەبێـت لـە ئـاو خواردنەوە لە حەوزی کەوسـەر، هـەروەك پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی:

(أنا فَرَطُكم على الحوض من مـرّ علـي شرب، ومن شرب لا يظمأ أبدًا، لـيردن علي أقوام أعرفهم ويعرفونني ثم يحال بيني وبينهم فأقول إنهم من أمتي، فيقال: إنك لا تدري ما أحدثوا بعدك، فأقول: سحقاً لمن غيّر بعدي)[٥] .

واتە: من لەپێش هـەمووتانم لەسـەر ئـاوی کەوسەر وە هـەر کـەس بـەلای منـدا بێـت لێـی دەخواتـەوە، وەهەرکەسـێکیش لـەم ئاوە بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێتـەوە. وە کۆمەڵێك بەلای مندا دێن و مـن دەیـان ناسـم و ئـەوانیش مـن دەناسـن، بـەلاَم ڕێگرێـك دروسـت دەبێـت لـەنێوان مـن و ئەوان دا و وەلەدوایی دا دەڵێم خۆ ئەوانـە لـە ئوممـەتی مـنن؟! بـەلاَم وەلاَمـم

---

(٥) (صحيح البخاري برقم: (٦٥٨٣)، ورقم: (٦٥٨٤)، وصحيح مسلم برقم: (٢٢٩٠) .

دەدرێتەوەو دەڵێن تۆ نازانیت ئەوانە چیان لەدوای تۆ داهێناوە. منیش دەڵێم دە بەهیلاك بچن ئەوانەی لەدوای من دینیان گۆڕی.

٩-وە بیدعەکار لەسەر ڕێبازێکە کە بەرەو کوفری دەبات، هەروەك زانایان فەرموویانە: (إن الكفر له أسباب متعددة، ولا مانع أن يكون للشيء الواحد أسباب متعددة، ومن ذلك الكفر، ذكروا من أسبابه البدعة، وقالوا: إن البدعة لا تزال في القلب، يظلم منها شيئاً فشيئاً، حتى يصل إلى الكفر، واستدلوا بقوله ﷺ: "كل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار".وقالوا أيضاً: "إن المعاصي بريد الكفر، وبريد الشيء ما يوصل إلى الغاية"[٦].

کەواتە پێویستە لەسەر هەر یەکێکمان بپرسین بۆچی بابای موسڵمان بیدعە دەکات سەرەڕای ئەم هەموو سەرزەنشت و شێوازی جۆراوجۆری زەمکردنە لەلایەن خواو پێغەمبەری خواو زانایانەوە؟! لە کاتێکدا کە ئیددیعای خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ و شوێنکەوتنی ڕێبازەکەی دەکات، وە ڕازی نییە کەس بە خراپە باسی پێغەمبەر ﷺ بکات. وە ڕازی نییە کەس پێی بڵێ تۆ دژایەتی پێغەمبەر ﷺ دەکەیت.

بەوردبوونەوە لە هەردوو سەرچاوەکەی وەحی وە لە ڕاو بۆچوونی پێشینە چاکەکانی ئەم ئوممەتەوە سەرنجدان لەکارە بیدعەییەکان کە هەر لەسەردەمی دابەزینی وەحییەوە تاوەکو ئەو سەردەمەی ئێمەی تێدا دەژین کراون و دەکرێن، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بیدعەکردن و داهێنان چەندین هۆکاری لەپشتەوەیەو، وا لە مرۆڤ دەکەن کە بیدعەی لا شیرین بێت و بەکارێکی پەسند و عیبادەتێکی نزیککەرەوەی بزانێت لەخواوە.

بەپشتیوانی خوا چەند هۆکارێکی سەرەکی لەژێر ڕۆشنایی قورئان وسوننەتو ڕای زانایان و پێشەوایانمان دەخەمە ڕوو کە بوونەتە هۆی ئەنجامدانی بیدعە لەلایەن موسڵمانانەوە، تا بگەینە ئەو ئەنجامەو بزانین کە:

---

(٦) (القول المفيد على كتاب التوحيد - (ج ١ / ص ٢٨٠).

هەرشتێك كە بەناوی دینەوە بكرێت مەرج نییە ئیسلام پێی ڕازی بێت .

وە ئـەو دەرەنجامانـەش كاتێـك لات ڕوون دەبێـت و قەناعـەتی پـێ دەكـەیت كـە دەقـەكانی خـواو پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئامـاژەی بـۆ بكـەن و هـەڵێنجراوی ئـەوان بێت.

وە كەسـێكیش سـوود لـەم هۆكارانـە وەردەگرێـت كـە ئیـسلامەتی خـۆی دابمەزرێنێت لەسەر هیدایـەتی بەڵگـەكانی قورئان وسوننەت دا. نەك لەسـەر بـیروڕاو بۆچوونی ئەم و ئەو كەدوورن لە قورئان و سوننەت.

**وە لە هۆكارەكانی سەرهەڵدانی بیدعە و بڵاوبونەوەو تەشەنە كردنی بەكورتی:**

١. نەزانین (الجهل).
٢. شـوێنكەوتنی هـەواو ئـارەزوو و ویستەكان (إتباع الهوى).
٣. پابەنـدبوون و شـوێنكەوتنی شوبهەكان (التعلق بالشبهات).
٤. پشت بەستن بە عەقڵ بەتەنها.
٥. شوێنكەوتنی كوێرانـە و دەمـارگیری (التقليد والتعصب).
٦. تێكـەڵ بـوون و هەڵـسان و دانیشتن لەگەڵ خراپەكاران.
٧. بێـدەنگی زانایـان و شـاردنەوەی زانیاری و ڕاستیەكان.
٨. خۆچـواندن بـە كـافران و شـوێن كەوتنی ئاكارو ڕەفتاریان.
٩. پـشت بەسـتن بـە فـەرمووده لاوازو هەڵبەستراوەكان.
١٠. زێـدەڕەوی و تێپەڕانـدن لـە دەسـتگرتن و كـاركردن بـە دەقـەكانی قورئـان و سـوننەت و خۆشەویـستی پێغەمبەران و پیاوچاكان.
١١.خێر ویستی و نیاز پاكی.
١٢.هۆكاری سیاسی.
١٣.كەوتنە ژێر كاریگـەری سـەرانی بـیرو باوەڕ و دینە گومڕابووەكان.
١٤.بیدعـەكار خـاوەنی زمـان پـاراوی و ڕەوانبێژی زۆر بێت.
١٥.داهێنـانی بیدعـە بـە بیـانوو پاسـاوی ئـەوەی بـا خـەڵكی لـە ئیـسلام دوور

نەکەونەوە کاتێ کە بە سوننەت ڕازی نین .

## هۆکاری یەکەم

## نەزانین (الجهل):

نەزانین دەردێکی کوشندەیەو مرۆڤ بەهۆیەوە توشی زۆر هەڵە هاتووە بۆیە خوای گەورە لەزۆر شوێنی ئەم قورئانە پیرۆزەدا ڕێنمایمان دەکات کەهیچ قسەو کردەوەیەك لەسەر نەزانین ئەنجام نەدەین، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً﴾[7] [الإسراء: ٣٦].

---

(٧) (أضواء البيان – (ج ٣ / ص ٢١٨)

نهى جل و علا في هذه الآية الكريمة عن اتباع الإنسان ما ليس له به علم . ويشمل ذلك قوله: رأيت و لم ير، وسمعت و لم يسمع، وعلمت و لم يعلم، ويدخل فيه كل قول بلا علم وأن يعمل الإنسان بما لا يعلم . وقد اشار جل وعلا إلى هذا المعنى في آيات أخر . كقوله: ﴿ إِنَّمَا يَأْمُرُكُمْ بالسواء والفحشآء وَأَن تَقُولُواْ عَلَى الله مَا لاَ تَعْلَمُونَ﴾ ﴿ البقرة: ١٦٩﴾ وقوله: ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الفواحش مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ والإثم والبغي بِغَيْرِ الحق وَأَن تُشْرِكُواْ بالله مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَاناً وَأَن تَقُولُواْ عَلَى الله مَا لاَ تَعْلَمُونَ ﴾ ﴿الأعراف: ٣٣ ﴾، وقوله: ﴿ ياأيها الذين آمَنُواْ اجتنبوا كَثِيراً مِّنَ الظن إِنَّ بَعْضَ الظن إِثْمٌ ﴾ ﴿الحجرات: ١٢﴾ الآية، وقوله: ﴿ قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى الله تَفْتَرُونَ ﴾ ﴿يونس: ٥٩﴾، وقوله: ﴿ وَمَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظن﴾ ﴿النجم: ٢٨﴾ وقوله: ﴿مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتباع الظن﴾ ﴿النساء: ١٥٧ ﴾، والآيات بمثل هذا في ذم اتباع غير العلم المنهي عنه في هذه الآية الكريمة كثيرة جداً .

وفي الحديث: « إياكم والظن، فإن الظن أكذب الحديث » (رواه الترمذي وأبو داود، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح سنن أبي داود: ٤٩١٧).

تنبيه:

أخذ بعض أهل العلم من هذه الآية الكريمة منع التقليد، قالوا: لأنه اتباع غير العلم .

قال مقيده عفا الله عنه: لا شك أن التقليد الأعمى الذي ذم الله به الكفار في آيات من كتابه تدل على هذه الآية وغيرها من الآيات على منعه، وكفر متبعه . كقوله: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتبعوا مَآ أَنزَلَ الله قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَآءَنَآ أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ شَيْئاً وَلاَ يَهْتَدُونَ ﴾ ﴿البقرة: ١٧٠﴾، وقوله: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إلى مَآ أَنزَلَ الله وَإِلَى الرسول قَالُواْ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَآ أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ شَيْئاً وَلاَ يَهْتَدُونَ﴾ ﴿المائدة: ١٠٤﴾، وقوله: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتبعوا مَآ أَنزَلَ الله قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَآءَنَا أَوَلَوْ كَانَ الشيطان يَدْعُوهُمْ إلى عَذَابِ السعير ﴾ ﴿لقمان: ٢١﴾، وقوله: ﴿أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَاباً مِّن قَبْلِهِ فَهُم بِهِ مُسْتَمْسِكُونَ بَلْ قالوا إِنَّا وَجَدْنَآ آبَآءَنَا على أُمَّةٍ وَإِنَّا على آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ وَكَذَلِكَ مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلاَّ قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدْنَآ آبَآءَنَا على أُمَّةٍ وَإِنَّا على آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ قُلْ أَوَلَوْ جِئْتُكُمْ بأهدى مِمَّا وَجَدتُّمْ عَلَيْهِ آبَآءَكُمْ﴾ ﴿الزخرف: ٢١-٢٤﴾، وقوله: ﴿قالوا إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَآؤُنَا﴾ ﴿إبراهيم: ١٠ ﴾ الآية، إلى غير ذلك من الآيات .

أما استدلال بعض الظاهرية كابن حزم ومن تبعه بهذه الآية التي نحن بصددها وأمثالها من الآيات – على منع الاجتهاد في الشرع مطلقاً، وتضليل القائل به، ومنه التقليد من أصله،

واتە: شوێن هیچ شتێك مەكەوە بەنـەزانین وە هیچ قسەیەك مەكە بەنەزانین، چـونكە هەریەك لەم هەستیارانەی كە مرۆڤـ پێـی بەخـــشراوە لـــە گـــوێ و چـــاو و دڵ لێپرسـینەوەیان لەگـەڵ دەكرێـت لـەڕۆژی دوایی.

كەواتـە موسـڵمان لەسـەری پێویـستە كـە قـــەدری نـــازو نیعمـــەتی هەســـتیار پێدراوەكانی بزانێتو بەكاریان بهێنێت بۆ ئەوەی خۆی پێیان لەنەزانی ڕزگار بكات.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْـــرِ الْحَـــقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُـــلْطَانًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ﴾

[الأعراف: ٣٣].

خـوای گـەورەە لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا بـە پێغەمبەرەكـــەی ﷺ ڕادەگەیـــەنێت كـــە ئوممەتەكـەی ئاگـادار بكاتــەوە كەچـەند شتێكی حەرام كردووە لەوانە:

*الْفَوَاحِشَ،

*وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ،

*وَأَن تُشْرِكُواْ بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا،

* أَن تَقُولُواْ عَلَى اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ

واتە: دەربارەی خـواو دینـی خـوا شـتێك نـەڵێن كـە زانیاریتـان لەسـەری نـەبێت كەواتە چۆن خراپـەكاری و زینـاو زوڵـم و سـتەم و شـەریك بۆخـوا بڕیـاردان بـەم ئایەتە حەرام كـراوە " هـەر ئـاواش قـسە لەدینـدا كـردن و لـێ زیـادو كـەم كردنـی حەڕام كراوە.

*وە عبد الله بن عمرو بن العـــاص (ڕەزای خوایـان لەسـەر) دەفـەرموێت: گـوێم لـە پێغەمبەر بوو ﷺ دەیفەرموو:

(إن الله لا ينتزع العلم من الناس انتزاعاً، ولكن يقبض العلماء فيرفَعُ العلم معهـــم، ويُبقي في الناس رُؤوساً جُهَّالاً يفتنون بغير علم فَيَضِلُّون ويُضِلُّون)(٨).

---

فهو من وضع القرآن في غير موضعه، وتفسيره بغير معنـــاه، كما هو كثير في الظاهرية، لأن مشروعية ســـؤال الجاهـــل للعالم وعمله بفتياه أمر معلوم من الدين بالضرورة .

(٨) (متفق عليه: البخاري، كتاب الإعتـــصام بالكتـــاب والسنة، باب ما يذكر من ذم الـــرأي وتكلـــف القيـــاس، ١٨٧/٨، برقم ٧٣٠٧، ومسلم، كتاب العلم، باب رفـــع العلم وقبضه وظهور الجهل والفتن آخر الزمان، ٢٠٥٨/٤، برقم ٢٦٧٣).

**واتە: خوای گەورە زانست وزانیاری لەدڵی خـــەڵکی دا هەڵناکێـــشێتە دەرەوە ڕاســـتەوخۆ بـــەڵکو بەنـــەمانی زانایـــان زانستیش هەڵدەگیرێتەوە لەگەڵیان، ئینجا لـەناو خەڵکیـدا چـەند سـەرانێکی نـەزان دەمێنێتەوەو فەتوا بـۆ خـەڵکی دەدەن و کـەخۆیان گـومڕان و خـەڵکیش گـومڕا دەکەن**

**دیـارە بیدعـەش کـارێکی گومڕاییـە هـەروەکو پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموویت:** (كل بدعـة ضـلالة)**و سەرچاوەکەشی بـەهۆی نەزانییەوەیـە بـەپێی ئـەم فەرموودەیە .**

٢- قلة العلم بالشرع المنزل:

وفروع جهل المبتدعة بالشريعة كثيرة ومتنوعة منها:

- الجهل بالحديث النبوي وبمراد النبيﷺ .
- الجهل بالآثار الواردة عن السلف .
- الجهل بمقاصد الشريعة .
- الجهل بكلام العرب وأساليبهم .
- الجهل بقواعد العلوم وأصولها، كالمطلق والمقيد، والعام والخاص، والناسخ والمنسوخ، والمجمل والمبين .
- الأخذ بالأحاديث والآثار والنقولات الواهية، والمكذوبة .
- أخذ الأدلة الشرعية مجزأة عن بعضها، وعدم تصور الشريعة صورة واحدة متكاملة متصلة .
- جعل كلامهم وأصولهم هي المحكمة، وكلام الشارع هو المتشابه المجمل .

**وە** ابـن الجـوزي - رحمـه الله - **دەفـەرمووێت: ( فـراوانترین دەرگـا کـە شـەیتان لێیـەوە بـۆ فریـودانی خـەڵك دەچێت دەرگای نەزانییە، کە لێیـەوە زۆر بـە سـەلامەتی و بـە بـێ بەرهەڵـست دەچێـتە ژووریّ، بـەڵام نـاتوانیّ بـچێتە ژووری زاناکانەوە مەگەر بەدزیەوە بێت)**

**وە ئیمـامی قـەڕافی دەفـەرمووێت: (بنچینەی هەموو خەراپەکارییەکی دونیـاو دواڕۆژ بریتییە لە نەزانی بۆیە هـەوڵ بـدە لـەخۆتی لابـدەی بەهـەر ڕێگەیـەك بێـت، هەروەکو چۆن بنچینەی هەموو خێرێك لە دونیـا ودوا ڕۆژدا بریتییـە لـە عـیلم، بۆیـە هـەوڵ بـدە بەدەسـتی بهـێنی بـە هـەر ڕێگەیەکەوە بێت.**

## هۆكارى دووەم:

## شوێنكەوتنى هەواو ئارەزوو و ویستەكان (إتباع الهوى)

ئەمەش یەكێكە لەهۆكارە هەرە ترسناكەكانى كە مرۆڤ دەخاتە ناو بیدعەوە، چونكە لە قورئاندا سەرئەنجامى شوێنكەوتوانى هەواو ئارەزووەكان زۆر بەخراپ باسكراوەو كە: جارێك بەگومڕابون وەسفیان دەكات و بەهۆشیەوە توشبوونى سزاى توند:

﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ﴾ [ص: ٢٦]،

جارێك بەوەسف كردنیان بە بێ ئاگا و ﴿وَلاَ تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَن ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطًا] [الكهف: ٢٨]،

جارێكى تر بەبەندەى هەواو ئارەزووەكان و كردنیان بە خواو:

﴿أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَى عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَى بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِن بَعْدِ اللَّهِ أَفَلا تَذَكَّرُونَ] [الجاثية: ٢٣]، وقال عز وجل:

﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ﴾ [القصص: ٥٠].

جارێكى تر بە شوێنكەوتنى گومان و ئەوەى نەفسى بەدكار بەخراپە حەزى لێیەتى:

﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الأَنْفُسُ وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى﴾ [النجم: ٢٣].

## هۆكارى سێ یەم

## پابەندبوون و شوێنكەوتنى شوبهەكان (التعلق بالشبهات)

بیدعەكاران زۆرپابەندن بە بەڵگە لاوازەكانى دەقەكانى قورئان و سوننەت كە چەند مانایەك زیاتر هەڵدەگرن .

خواى گەورە لەقورئاندا دەفەرمووێت:

﴿هُوَ الَّذِي أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُوا الأَلْبَابِ﴾ [آل عمران: ٧].

واتە: خواى پەروەردگار ئەم قورئانەى بەسەر تۆدا (ئەى موحەمەد) دابەزاندووە، وەئایەتەكانى دوو جۆرن:

جۆری یەکەم: (آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ) ئایاتە تۆکمە وتوندو تۆڵەکان: کەزۆرینەی قورئانن " وەئەم جۆرە ئایەتانە بەدایکی قورئان و بنچینەی قورئان دادەنرێت و لەمانای حەق بەم لاوە چیتر نابەخشن.

وە جۆری دووەم لە ئایەتەکانی قورئان: بریتین لە مُتَشَابِهَاتٌ کەئەمانە کەمینەی قورئانن و جگە لەواتای حەق واتای تریش دەدەن بەدەستەوە، ئینجا خوای گەورە دەفەرمووێت ئەوانەی دڵیان نەخۆشە شوێن ئەم جۆرە ئایەتە فرە مانا هەڵگرانە دەکەون بەنیازی فیتنەو بەنیازی گۆڕینی مانا شەرعیەکەی وکردنیان بەبەڵگە بۆ بیرو بۆچوونە نەخۆشەکەی خۆیان....

وەهەروەها پەروەردگارمان لە کۆتایی ئایەتەکە ڕێنمونیمان دەکات کە ئیمانداری ڕاست و ڕۆچوو و دامەزراو لەزانست ئەوەیە کەباوەڕی بەهەردوو جۆر لە ئایەتەکانی خوا هەیەو بۆ تێگەیشتنی مانای ڕاستەقینەو دروستی ئایەتە موتەشابیهەکان پەنا دەباتە بەر ئایەتە موحکەمەکان کەئەوانە بنچینەو بناغەی قورئانن بەوان لێکیان دەداتەوە.

## هۆکاری چوارەم

### پشت بەستن بە عەقڵ بەتەنها

### (الاعتماد على العقل المجرد)

چونکە هەر کەسێك تەنها پشت بە عەقڵ ببەستێت وە واز لە دەقەکانی قورئان و سوننەت بهێنێت بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن لەدین ئەوا گومڕا دەبێت، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ [الحشر: ٧]،

واتە: هەر شتێك کە پێغەمبەر ﷺ بۆی هێنان وەری بگرن و هەر شتێکیش نەهی لێ کردن ئەوا دەستی لێ هەڵبگرن و وازی لێ بهێنن وە تەقوای خوا بکەن و لێی بترسن لەکاتی سەرپێچی کردنی پێغەمبەردا ﷺ وەبزانن کەپەروەردگار سزاو تۆڵەی زۆر توندی هەیە.

وەهەروەها دەفەرمووێت:

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا﴾ [الأحزاب: ٣٦].

واتــە: ئیمانــداران چ پیــاو چ ژن مــافی ئــەوەیان نییــە لــەکاتی قــەزاوەت و فەرمانەکانی خواو پێغەمبەری خوادا ﷺ کە هەڵبـژێری بکـەن لـەو فەرمانـەدا کـە بەدڵیانەو هەندێکی تریشی ڕەت بکەنـەوە کەبــەدڵیان نییــە "وەهەرکەســێکیش سەرپێـچی خـواو پێغەمبـەری خـوا بکـات ئەوا گومڕا بووە گومڕاییەکی زۆر ئاشکرا.

وەزانایان گومانە پەسند بووەکان بە هۆی عـەقڵ بـە یـەکێك لـە هۆکارەکـانی بیدعـە ژمــاردووە، ئەمــەش لــەم ڕووەوە کــە بیدعەکار پشت بە عەقلی دەبەستێت بـۆ هەڵسەنگاندنی چاکی و خراپی کارەکانی، هەر شتێك عەقڵ بۆی پەسـند بکـات ئـەوا باشەو خێرەو هەر شتێکیش عەقڵ قبوڵی نەکات ئەوا خراپەو بـێ کەڵکـە. وە بـەبێ گوێدانــە دوو وەحییەکــە کــە قورئــان و سـوننەتە. وە خـوای گـەورە دەفـەرمێت: ﴿ثمّ جَعَلْناك على شَرِيعةٍ من الأَمْرِ فاتَّبعْهــا ولا تَتَّبِعْ أهواءَ الّذينَ لا يعلمون﴾ وقولــه ﴿يَا أيّها الّذينَ آمنوا أطيعُوا اللّه وأطيعُــوا الرّسولَ وأُولِي الأمرِ منكم فإنْ تَنَازَعْتُمْ في شيءٍ فَرُدُّوهُ إلى اللّه والرّســولِ إنْ كنــتم تُؤْمنونَ باللّه واليوم الآخــر ذلــك خــيرٌ وأحسنُ تأويلاً﴾.

## هۆکاری پێنجەم

## شوێنکەوتنی کوێرانە و دەمارگیری (التقليد والتعصب)

زوربــەی بیدعــەکاران بیدعــەکانیان بەشوێنکەوتنێکی کوێرانەی باووباپیرانیان یــان پێــشەواکانیان بەدەســت کــەوتوە یـاخود بـەهۆی دەمارگیرییـەکی لـەرادەبــەدەری مەزهەبــەکانیان درێـــژە بەبیدعـەکانی نـاو مەزهەبەکـەیان دەدەن خوای گەورەش دەفەرموویت:

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا﴾ [البقرة: ١٧٠]،

واتــە: کاتێــك بەموشــریکەکان دەوتــرا شوێنی پەیامـەکانی ئـەم قورئانـە بکـەون کـەخوا بـۆ ئێـوەی دابەزانـدوە لەوەڵامـدا دەیان ووت نەخێر بەڵکو شوێن ئەم دینـە دەکــەوین کــەباوباپیرانمان خوویــان پێوەگرتووە و هەر لەسەر ئەوە دەڕۆین.

وەخوای گەورەش دەفەرموویت:

﴿بَلْ قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّــا عَلَى آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ﴾ [الزخرف: ٢٢].

واتـــــە: موشـــــریکەکان لـــــەجیاتی وەلأمدانـەوەی پێغەمبـەرەکانیان دەیـان ووت: باووبـــاپیرانی ئیمــــە نـــەریت و کەللـەپورێکی زۆریـان بـۆ ئێمـە بـەجێ هێشتووەو ئێمەش ئەوە دەکەین بـەدین و شوێن ڕێبازی ئەوان دەکەوین .

وەشـــــەیتان بیدعــــەی بیدعـــەکارانی ڕازاندۆتەوەو زۆر بە کاری باش نیشانیان دەدات هـــــەروەکو خــــوای گـــــەورە دەفەرمووێت:

﴿أَفَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ فَــلا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَـــسَرَاتٍ إِنَّ اللَّـــهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ [فاطر: ٨]،

وەخـــوای گـــەورە دەربـــارەی حـــاڵی بیدعـــەکاران و شـــوێنکەوتەی هـــەواو ئارەزووەکان دەفەرمووێت:

﴿يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ يَقُولُونَ يَـا لَيْتَنَا أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولاْ، وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلاْ، رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا﴾ [الأحزاب: ٦٦-٦٨].

السبب الثاني من وجود البـدع واسـتمرار البدع الهوى والتقليد؛ لأنك تجد أن الـذي استمر على البدع وعمل بها إذا سألته: النبي عَلَيْهِ الصَّلاَةُ والسَّلاَمُ ألم يقل كذا؟ هل فعل النبي ﷺ هذا الشيء؟ فيقول العالم الفـلاني قال كذا، وشيخنا قال كذا، وهذا كـان في القرية كان فيها كذا وكذا والبلد، هـؤلاء ضلال، فيأتيه الهوى الذي من أجله نصر من قبله نصر أسلافه، يأتيه التقليد يأتيه التعصب فيجعله ينتصر لهذا الأمر الباطل، ولم ينتـصر إلى السنة فسأل نفسه هل كان النبي عَلَيْـهِ الصَّلاَةُ والسَّلاَمُ على هذا الأمر أم لا؟ فيكون عنده هوى وتقليد وتعصّب، جعلـه هـذا الهوى والتقليد والتعصب ينتصر للرجال ولا ينتصر لسنة النبي العـدنان عَلَيْـهِ الـصَّلاَةُ والسَّلاَمُ هذا سبب مهم.

(قسم العقيدة: ٥ / ١٢).

## هۆکاری شەشەم
## تێکەڵ بوون و هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ خراپە کاران

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێت:

﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُـولُ يَـا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلاً، يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلانًا خَلِيلاً، لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ

**الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلإِنسَانِ خَذُولاً﴾** [الفرقان: ٢٧-٢٩]

قال عز وجل: ﴿**وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّى يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلاَ تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَى مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ**﴾ [الأنعام: ٦٨]،

وقال سبحانه وتعالى: ﴿**وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكَفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلاَ تَقْعُدُواْ مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا**﴾ [النساء: ١٤٠]،

وقال ﷺ: (**إنما مثل الجليس الصالح والجليس السوء كحامل المسك ونافخ الكير، فحامل المسك إما أن يحذيك وإما أن تبتاع منه، وإما أن تجد منه ريحاً طيبة، ونافخ الكير إما أن يحرق ثيابك وإما أن تجد ريحاً خبيثة**)[٩].

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

(٩) (نور السنة وظلمات البدعة: (ج ١ / ص ٢٩).
متفق عليه من حديث أبي موسى الأشعري رضي الله عنه: البخاري، كتاب الذبائح والصيد، باب السمك، ٢٨٧/٦، برقم ٥٥٣٤، ومسلم، في كتاب البر والصلة، باب استحباب مجالسة الصالحين، ومجانبة قرناء السوء، ٢٠٢٦/٤، برقم ٢٦٢٨).